عەلی مەزاحم عەباس*
لە عەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵلا کەریم

# ئارسەر میلەر.. ئاوێنەی شانۆی مرۆڤی هاوچەرخ



لە هەموو سەردەمەکاندا، شانۆ بە ئاوێنەی ئەو سەردەمە دادەنرێت. توێژەر دەتوانێت پشت بە کتێبەکانی مێژوو ببەستێت، بەهۆی بوونی ئەو هەموو دەقانەی کە شانۆ لەو کتێبانەدا جێیهێشتوون و دەتوانرێت خەسڵەت و تایبەتمەندی و کەموکورتی و خراپی و کێشەو بابەتەکانی ئەو سەردەمەی لێوە وەربگیرێت، بێگومان هەموو ئەمانە کاریگەریەک لەلای نووسەری شانۆ جێدەهێڵن و لە شوێندەستی نووسەر لەناو دەقە شانۆییەکەدا، هەمووی بەدەردەکەوێت، بۆیە ناکرێت نووسەر گۆشەگیر بێت و دوور لە کۆمەڵگەکەی بژی، بەڵکو دەبێت لە ژیان و کێشەو گرفتەکانیان قووڵبێتەوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وشەی دۆز (قەزیە)، خۆمان لەبەردەم دوو واتادا دەبینینەوە. واتای یەکەم برێتییە لەو واتا گشتییەی کە لە نێوانماندا هەیە و باوە، بەڵام لێرەدا ئەو واتایەی مەبەستمانە پرسی شانۆیە، نەوەک پرسی هەر زانستێک لە زانستەکان. بەم پێیەش هەموو پرسێک بۆ شانۆ دەستنادات، چونکە کاری شانۆیی مەرجی تایبەت بەخۆی هەیە، کە پێویستە دەستەبەرییان بکەین، بۆ ئەوەی ناوەکەی ببێتە (کاری شانۆیی).

چەندین پرس و مەسەلەی سیاسی، یاخود وەرزشی یان کۆمەڵایەتی هەن، بە کەڵکی دراما نایەن، بەهۆی سادەیی و ڕوونییەوە، یان بەهۆی نەبوونی بوارێک بۆ ململانێیەکی دیار، یاخود نادیار تێیاندا. ناشکرێت وەربگێڕدرێت بۆ دیالۆگ و کەسایەتی، یاخود بۆ ڕووداو و هەڵوێست. لەبەرئەوە مانای وشەی دۆز چەمکێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کەواتا پرسی شانۆییەکە بە کەڵکی نمایشی شانۆیی دێت.

ئەمە سەبارەت بە وشەی دۆز، ئەی مەبەست لە وشەی کۆمەڵایەتی چیە؟ لێرەدا مەبەست لە وشەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی تایبەتی و دیاریکراو برێتییە لە کۆمەڵگەی شانۆیی. مەبەستمان لەم دەستەواژەیە ئەو گروپە نییە کە لە شانۆدا کاردەکەن، بەڵکو مەبەستمان ئەو کەسانەیە، کە لەسەر تەختەی شانۆ دەیانبینین، لەڕووی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانیان و وابەستەییانەوە، کاتێک ململانێکەیان دەمانبزوێنن و وابەستەمان دەکەن، بەوەی کە ڕوودەدات. ئەم کەسایەتییانە کە دەربڕی ئەو شێوازانەن، کە لە ژیاندا هاوشێوەیان نییە، مەبەستیش لە هاوشێوەبوون هاونەرابوون، یان فێتبوون نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، کە لێکچوونێکی شایستە، یان چاوەڕوانکراو لە نێوانیاندا هەبێت، یاخود تەنانەت ئەگەر ناشایستەش بێت، چونکە لە ڕێگەی درکپێکردنێکی

**شتێکی ڕەوا نییە، یاخود قورسە قسە لەسەر پرسی کۆمەڵایەتی لەناو شانۆیی ئەمریکادا بکەین، بێئەوەی لە ئاستی ناوی ئارسەر میلەر هەڵوێستە بکەین**

تێژەوە بۆ شایستەبوون بەو شێوەیە دەردەچێت، کە لەپشت ئەو کەسایەتی و شێوازانەوە هەیە.

بەمجۆرە ئەگەر هەردوو وشەکەمان پێکەوە لکاند، ئەوا زاراوەیەکمان بۆ دەردەچێت، کە لەلایەن زۆرێک لە نووسەرانی شانۆ لە هەموو وڵاتانی جیهاندا پێشوازی لێدەکرێت، ئەویش زاراوەی (پرسی کۆمەڵایەتی) ٥. تیرانس واینجان لەمبارەیەوە دەڵێت: «چاکترین شانۆگەرییەکان ئەوانەن، کە باسی خەڵکی دەکەن، نەوەک باسی شتەکان».

پرسی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە پرسێکی نەیارانە، کە نەنها باسی عەیبەکان ناکات، بەڵکو ئاشکرایان دەکات و ڕوونیاندەکاتەوە و ڕوونیشیان دەکاتەوە. ئەم زاراوەیەش لە خەڵکەوە نزیکە، چونکە بە خەم و پەژارەو خۆشیەکانیان و دابونەریت و کەلتورەکانیانەوە لکاوە و باشتر دەتوانێت دەربڕی ئەوان بێت و ناخیان نیشانبدات و پرس و خەمە گەورە و بچووکەکانیان ئاشکرا بکات.

شانۆگەری کۆمەڵایەتی، گرنگی بە ناوی نووسەرەکان، یان ئەو شانۆگەرییانە نادات، کە نووسیویانە، بەڵکو گرنگی بە پرسەکان و شێوە و بیروڕاکان دەدات، بۆیە شانۆگەرییەکانی هەموو نووسەرێکی شانۆی کۆمەڵایەتی، هەمیشە بە ناوی نوێ و نووسەری نوێوە، لەسەر هەمان شێواز خۆیان دووبارە دەکەنەوە و بە زمانی سەردەم و ژینگەکەیان دەنووسن.

**«ئارسەر میلەر و کۆمەڵگەی ئەمریکی»**

شتێکی ڕەوا نییە، یاخود قورسە قسە لەسەر پرسی کۆمەڵایەتی لەناو شانۆیی ئەمریکادا بکەین، بێئەوەی لە ئاستی ناوی ئارسەر میلەر هەڵوێستە بکەین، بەڵکو دەکرێت درووستبوونی شانۆیی کۆمەڵایەتی ئەمریکی بخەینە پاڵ ئارسەر میلەر، چونکە ئەو لە زۆرینەی نووسەرە شانۆییەکانی ئەمریکا جیاوازە، لەبەرئەوەی پێشەکی و وتارو سەرگوزشتەی بۆ هەندێکی لە شانۆگەرییەکانی نووسیوە، بەڵام ئاستی هەموویان بە لاواز دەدرێتە قەڵەم، ئەگەر لە تیۆری شانۆگەری داستانیدا، لەگەڵ دەقەکانی بریخت بەراورد بکرێن.

بەڕای من میلەر شانۆگەری «دیمەنێک لە پەردەکە»ی لەژێر ناونیشانی شانۆگەریە کۆمەڵایەتییەکاندا پێشکەشکردووە. ناوەڕۆکی ئەو پێشەکییە ئەوەیە، کە پێویستە نووسەری شانۆیی جدی، درامایەکی کۆمەڵایەتی بنووسێت، کە مەبەستی ئەوە لێوەی پێشکەشکردنی شانۆیەکی کۆمەڵایەتی جدییە، ئەو شانۆیەی کە دان بەوەدا دەنێت، مرۆڤ بوونێکی بابەنیانەی ئامانجدارە و لە هەمانکاتیشدا بوونێکی نابابەنییانەی خۆییە، کە لە ئەزموونی خودەوە وەرگیراوە و شانۆیی کۆمەڵایەتی لە دیدی ئەودا، تەنها نمایشکرنی خراپە و عەیبە کۆمەڵایەتییەکان نییە. ئەگەر بێت و ئەم پێناسەیە بەسەر شانۆگەرییەکانی میلەردا جێبەجێ بکەین دەبینین بەسەر ئەم شانۆگەرییانەیدا جێبەجێ دەبێت:

(هەموویان منداڵی منن)- ساڵی 1947، (مردنی فرۆشیارێکی دەسنگێڕ)- 1949، (ناقیکردنەوە قورسەکە)1953-، (دیمەنێک لە پەردەکە)- 1964. ئەم شانۆگەرییانە

و شانۆگەرییەکانی دیکەی میلەر، سەرکەوتنێکی مەزن و شایستەیان بەدەستهێنا. بە بۆچوونی من ڕەخنەگران ئەم سەرکەوتنە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە ئارسەر میلەر توانیویەتی واقیعی کۆمەڵایەتی بکاتە واقیعێکی کەسی و توانیویشیەتی پێگە کەسییەکان، بگۆڕێت بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

چاکەی زیندوکردنەوەی شانۆگەری کۆمەڵایەتی ئەمریکی، لە سەردەمی نەگریسی مەکارسیدا بۆ میلەر دەگەڕێتەوە، ئەو ڕۆژانەی کە سیناتۆر مەکارسی ڕاوی هەموو ئەو کەسانەی دەکرد، کە هەستی بکردبایە لە بازنەی بیروڕا ڕاستڕەوییەکان دەرچوون، بۆیە بە کۆمۆنیست (شیوعی) تۆمەتباری دەکردن و بۆ لێکۆڵینەوە لەبەردەم لیژنەی (لێکۆڵینەوە لە چالاکییەکانی دوژمنایەتیکردنی ئەمریکا) بانگی دەکردن، بەڵام میلەر بەرەنگاری هەموو ئەو کارانە بووە و هەرگیز نەترسا و چۆکی بۆ دانەدا.

لە ساڵی 1949دا حکومەتی ئەمریکا ڕێگەی بە تیپە ئەمریکییەکان نەدا، لە دەرەوەی وڵاتەکەیان لە شانۆگەری (هەموویان منداڵی منن) ڕۆڵ بگێڕن، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا میلەر خۆڕاگر بوو، بەڵکو بەرپەرچی دەدانەوە و زیاتر زیرەکی و ژیری خۆی لەکاتی پێشکەشکردنی شانۆگەری (بۆتەقە) لە ساڵی 1953دا بەکاردەهێنا.

**ئارسەر میلەر لە چەند دێرێکدا ئارسەر میللەر کێیە؟**

ئارسەر میلەر نووسەرێکی شانۆیی ئەمریکیە، ساڵی 1915 لە شاری نیویۆرک لەدایکبووە. لە کۆگایەکی پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبیلدا کاریکردووە، پاشان لە ساڵی 1934دا چووەتە زانکۆی میشیگان ولەوێ خەڵاتی (هۆبۆد) ی لە بەرامبەر دوو شانۆگەریدا بەدەستهێناوە، کە بەر لە دەرچوونی لە زانکۆ نووسیبوی. دوای ئەوەش چەندین کاری جۆراوجۆری پێشکەشکرد، بەڵام زۆربەی کاتەکانی بۆ نووسینی شانۆگەرییەکانی ڕادیۆ تەرخانکردبوو. لەو کاتەدا شانۆگەری (پیاوە چانسدارەکە) ی لە ساڵی 1944دا نووسی و پێشوازییەکی گەرمی لێنەکرا، بەڵام شانۆگەری بەناوبانگی (هەموویان منداڵی منن) کە لە ساڵی 1947 پێشکەشکرا، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا و بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو نمایشکرا و خەڵاتی بازنەی ڕەخنەگرانی درامای وەرگرت.

لەو شانۆگەریەدا مەودای کاریگەربوونی میلەر بە کارەکانی (ئابسن) بەدەردەکەوێت، بە تایبەتیش لە شانۆگەری (کۆڵەکەکانی کۆمەڵگە)دا. دوای ئەوە میلەر شانۆگەری (مردنی فرۆشیارێکی دەسنگێڕ) ی نووسی، کە لە ساڵی 1949دا نمایشکرا، لەدوای ساڵێکیش، دەقی شانۆگەری (دوژمنی گەل) ی داڕشتەوە، کە دەقی ئابسن بوو، بەڵام جەماوەرێکی ئەوتۆی نەبوو، دوای ئەوە شانۆگەرییەکانی (بۆتەقە) و (هەڵبژاردنی دژوار) و (بیرەوەری دوو ڕۆژی دووشەمە) و (دیمەنێک لە پردەکە)ی نووسی.

لە ساڵی 1956دا میلەر بە هەڵگری بیروباوەڕی شیوعی تۆمەتبار کرا و خۆی دانی بەوەدا نا، کە هاوسۆزو هاوڕای هەندێک لەو کێشە و مەسەلانە بووە، کە شیوعییەکان و بەرە مییللییەکان دەیانخستەڕوو، بەڵام نکۆلی لەوە کرد، کە بووبێتە ئەندامی حزبی شیوعی. میلەر لەدوای هاوسەرگیری سێیەمی گەڕایەوە بۆ نووسینی شانۆگەرییەکانی، ئەوەبوو لە ساڵی 1964دا هەردوو شانۆگەری (لەدوای کەوتن) و (ڕووداوێک لە فینشی)، پاشان لە ساڵی 1968 شانۆگەری (باج) ی نووسی.

ڕەخنەگران میلەر بە درێژبوونەوەی ڕاستەقینەی شانۆگەری ئاپسن دەدەنە قەڵەم، واتا ئەو شانۆگەریەی کە بە هەموو توانا هونەری و فیکرییەکانەوە،

داکۆکی لە ئاکاری بەرز دەکەن، ئەو ئاکارەی کە کەسە خۆبەزلزان و هەڵخەڵەتێنەرەکان دانی پێدا نانێن. لە شانۆگەری (هەموویان منداڵی منن) ململانێ درامیەکە لە نێوان بەرژەوەندی تایبەتی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا بەرپا دەبێت.

کەسانێک هەن لەم ئاراستەیەدا لەگەڵ میلەردا کۆک نین. ئەوەتا میلەر لەو نووسەرە شانۆییە پابەندانەیە بە چەمکێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە، بەڵام تێنسی ویلیامز پێیوایە جوانی پێویستە ئامانجی هەر هونەرمەندێک بێت، چونکە هونەرەکەی پەیامێکی بۆهیمی تێدایە، واتا هونەر لەپێناوی هونەردا، بەڵام پەیامی کۆمەڵایەتی لە دیدی ئەودا، پێویستە بۆ ڕیفۆرمخوازان و بیرمەندانی جێبهێڵین، چونکە لەو بوارەدا زیاتر بەتوانا و شارەزان.

**«شانۆی ئارسەر میلەر و پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە»**

یەکێک لە جیاوازیە سەیرەکان ئەوەیە، کە ناوی نووسەری ئەمریکی ئارسەر میلەر لە ساڵی کۆتایی هاوسەرگیریەکەی لەگەڵ ئەکتەری شۆخ و شەنگ (مارلین مۆنرۆ)دا درەوشایەوە، تا ئەو ئاسنەی ناوبانگی گەیشتە بەرگوێی ئەو پیاوەی سەرشەقام، کە کەم تا زۆر لەبارەی ئەدەبەوە نازانێت.

مانای ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە میلەر لەپێش هاوسەرگیری لەگەڵ مارلین کەسێکی نەناسراو بووە، بەڵکو یەکێک بوو لە ڕابەرانی ئەدەبی ئەمریکی هاوچەرخ، بەڵکو لەوەش زیاتر پێشەنگی نووسەرانی شانۆی ئەو وڵاتە بوو. با بزانین گرنگی ئەم نووسەرە لە چیدا بووە و شوێن و پێگەی لەلای نووسەرانی دیکە چی بووە و پەیوەندی شانۆکانی بە کۆمەڵگەکەیەوە چۆن بووە.

**«شانۆگەری کۆمەڵایەتی لەپێش میلەر و لەدوای میلەر»**

ئارسەر میلەر بەلای زۆرینەی نووسەرە شانۆییە ئەمریکیەکانەوە، بڕنییە لە هوشیاریەکی تیژکراو بە گیانی سەردەم، کە پڕیەتی لە نیگەرانی و شکست و ڕووخان. ئەو پەرۆش بوو بۆ پارێزگاریکردن لە کاریگەری لەسەر شانۆ بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە ڕێگەی سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی بیرکردنەوە، لەو گۆشەیەوە کە لێوەی تەماشای کۆمەڵگە دەکات، بۆئەوەی شانۆگەرییەکانی تووشی سوان و دووبارەبوونەوە نەبن، چونکە لە ڕوانگەی خۆیەوە وای داناوە شانۆیی ئەمریکی لەو



ئارسەر میلەر

ماوەیەدا، کە تێیدا ژیاوە و لە 3 چارەکە سەدە زیاتر نییە، هەمووی هەوڵدانی هەڵە بووە و هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی دامەزراندنی داب و نەریتە شانۆییەکانی تایبەت بە خۆی، هەروەکو چۆن شانۆی ئەوروپی بە چەند سەدەیەک پێش ئەو کردوویەتی.

میلەر پێیوایە ئەرکی ئەو بەشداریکردنە لە دانانی ئەو داب و نەریتانەدا، لەبەرئەوە مرۆڤی ئەمریکی ئاسایی و ڕەشۆکی هەڵبژاردووە، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو هەڵکشان و داکشان و فشارانەی کۆمەڵگە کە بێبەزەیین، بۆیە تاوەکو ئەو ململانێ درامیە درووست بێت، پێویستە تا دەتوانێت لە شانۆگەرییەکانیدا خۆی لە بینینی ڕۆڵی لێکۆڵەر بپارێزێت و پابەند بێت بە بنەماکانی داهێنانی هونەرییەوە.

چوونەناوەوەی میلەر بۆ ناو گۆڕەپانی نووسینی دەقی شانۆیی لە ناوەڕاستی دەیە چلەکاندا، سەرکەوتن بوو بۆ شانۆیی کۆمەڵایەتی، چونکە لەو کاتەدا پەیوەندیەکی ئەوتۆی بە هونەری باڵاوە نەبوو. لەپێش میلەردا، شانۆیی کۆمەڵایەتی، ململانێی کۆمەڵایەتی تەنها وەکو دیاردەیەکی کاتی چارەسەر کردبوو، بەڵکو هەوڵی نەدابوو بگاتە جەوهەری ئەو ململانێ درامانیکیەی، کە تێپەڕبوونی کاتی بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو نووسەرانی شانۆیی لەپێش میلەر، شانۆگەرییەکانیان گۆڕی بۆ جۆرێک لە پڕوپاگەندەی ساویلکانە و پیاهەڵدان بە چاکییەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی لە قۆناغی دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا.

ئێمە ناتوانین ئەوە بڵێین، کە تەنها میلەر توانیویەتی ئەو گۆڕانکاریە لە شانۆیی کۆمەڵایەتیدا بکات، چونکە شانۆیی کۆمەڵایەتی سەرزارەکی بووە، بەڵام پاشگەزبوونەوەیەکی تێدا ڕوویداوە. ئەوە بەرئەنجامی ئەو ئاراستەکردنە بوو، کە جگە لە بەرزکردنەوەی دروشمەکان و لەقاڵبدان، هیچی دیکە لە ژیان تێنەگەیشتووە، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو، کە هەریەکە لە نەزمی سروشتی و ئاراستەی چەپڕەوانە لە سەرەتاکانی دەیەی چلەکاندا، شانۆگەری کۆمەڵایەتی بگەیەننە بارێکی لەبەریەک هەڵوەشاو.

لە ئەنجامدا پێویست بوو لەسەر ڕەخنەگران، بە دۆزە گشتییەکانی کۆمەڵگە هەڵبچن. ڕایمۆند ویلیامز دەڵێت: «ئارسەر میلەر لە ماوەی نێوان ساڵانی 1947 بۆ 1960 بە هەر پێنج شانۆگەرییەکەی و پێشەکیەکانیانەوە، توانی ئەو بەربەستە ببڕێت، کە کەڵەکەبوونی شانۆگەریە کۆمەڵایەتییە کلاسیکییەکان درووستیان کردبوو، سەرەڕای ئەوەی ڕێڕەو بەرەو لایەکەی تر هێشتا ئاڵۆز و ئارام نەبوو».

شانۆگەرییەکانی میلەر لە مافی

**ناتوانین ئەوە بڵێین، کە تەنها میلەر توانیویەتی ئەو گۆڕانکاریە لە شانۆیی کۆمەڵایەتیدا بکات، چونکە شانۆیی کۆمەڵایەتی سەرزارەکی بووە**

بابەتیانە دەگەڕێت و گرنگی بە ئازارەکانی مرۆڤ و ئەو بێبەشبوون، ستەمە دەدات، کە دەیانچێژێت، دوای ئەوەی کە ئاستی هۆشیاری لە سەدەی نوێدا، بە بوونی ماتریاڵییانەی مرۆڤ پەرەی سەند و گوشارەکان بۆ چارەسەرکردنی پەتاکان و ستەمە کۆمەڵایەتییەکان زیادیان کرد و ڕیشەکێشکردنی هۆکارەکانی درووستبوونی ئازار و مەینەتییەکانی مرۆڤ و لابردنی هەموو ئەو شتانەی ڕێگرن لەبەردەم خۆشی و شادمانی مرۆڤدا. میلەر لە شانۆگەرییەکانیدا گەشت بەناو کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات و دەچێتە ناو ناخی کۆمەڵگەوە، لە هەوڵدانێکدا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەویش لە ڕێگەی

**گەورەترین دەستکەوت کە دەکرێت بیخەینە پاڵ سەرکەوتنەکانی میلەر بریتییە لەو توانا هونەرییەی، لەڕووی گۆڕینی ڕاستیە کۆمەڵایەتییەکان بۆ چەند پرسێکی کەسی هەیبوو**

نیشاندانی لایەنە خراپەکانی، بەو شێوەیەک کە لەگەڵ ئەو باهایانەدا یەکانگیر بێت، کە لە بەرامبەر ئەو کۆمەڵگەیەدا بڕوای پێیەتی، بەڵام هەوڵنادات بە بۆچوونێک یان بە هەڵوێستێک ڕازیمان بکات، بەڵکو نموونەمان بۆ دێنێتەوەو دەبێتە پێشەنگ لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بابەتەکە و شیکردنەوەی ڕەهەندەکانییەوە.

### میلەر و گۆڕینی کێشە کەسییەکان بۆ کێشەی کۆمەڵگە

گەورەترین دەستکەوت کە دەکرێت بیخەینە پاڵ سەرکەوتنەکانی میلەر، بریتییە لەو توانا هونەرییەی هەیبوو، لەڕووی گۆڕینی ڕاستیە کۆمەڵایەتییەکان بۆ چەند پرسێکی کەسی، پاشان گۆڕینی پرس و کێشە کەسییەکان بۆ پەیوەندی بەناویەکداچوو، کە تێڕوانینی مرۆڤ بۆ کۆمەڵگەکەی دیاریدەکات، بەو پێیەی کە قەوارەیەکە پێویستە لەسەر بە ئاکارو بەهای بەرز خۆی جیاواز بکات، بۆیە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ڕیشەیی دەکەونە ژێر کاریگەری تایبەتمەندییەکانی ژیانی گشتی، سەرەڕای ئەوەی خەڵک تەنها لە کۆشەنیگای کەسیەوە نەبێت، ژیانی گشتی بە تەواوەتی نابینن. واتا پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و ژیاندا پەیوەندیەکی ئۆرگانییە و لەسەر بنەمای کارتێکردن و کەوتنە ژێر کاریگەری درووستبووە.

میلەر سوودی لەم ڕاستیە بینی و ڕاستیە کۆمەڵایەتییەکانی وەک سەرکەوتن و فەزیلە و شکستهێنان و نابوتبوون و بێهیوایی و داڕوخان و ترس و دوودڵی و..هتد..ی، گۆڕی بۆ جۆرێک لە دەقی ڕستراوی دراماییی زیندوو، پاشان کەسێتییە بەرجەستەکان، بەو پێیەی ئەوان وەکو تاک لە خودی خۆیاندا ئامانج و بەهان، نەوەک تەنها دیاردە و ئامرازی کۆمەڵایەتی کاتی (ئانی) بن.

میلەر بە تەنها جەختی نەکردووەتە سەر ڕێبازێکی شانۆیی دیاریکراوی وەکو سروشت، بەڵکو ئازادی هەڵبژاردنی حەتمیەتی شێوازی هونەری بۆخۆی جێهێشتووە، لەبەرئەوە میلەر لە شانۆگەری (مردنی فرۆشیارێکی دەسنگێڕ)دا، پەنای بردوو بۆ ئاراستەیەکی تەعبیری لە بەرجەستەکردنی ڕەوتی وشیاری و ناوهوشیاری لە ناخی «ویلی لۆمان»ی پاڵەوانەکەیدا، هەروەها لە پێشەکیەکانی شانۆگەریە تەواوەکانیدا، کە لە ساڵی 1957دا بڵاوکرانەوە، بڕیاری ئەوەی داوە، کە گرنگیپێدانی سەرەکی لەو شانۆگەرییانەدا لە بنەڕەتدا لەسەر بازنەی هوشیاری پاڵەوانی شانۆگەریەکە چڕکراوەتەوە، بۆیە یەکەمین سەرنجی میلەر، کە لەسەر شانۆگەریەکە درووست بووە، برینیە لە دیوێکی گەورە کە لەسەر تەختەی شانۆ بەدەردەکەوێت، پاشان ئەوەندەی پێناچێت ئەو دیوە دەکرێتەوە، بۆئەوەی جەماوەری بینەر بچێتە ناو مێشکی پاڵەوانەکەوە و لە نێوان ڕەهەندەکان و ململانێکاندا بژی، کە قەوارە و جەستەی دەبەن و شینەڵی دەکەن، لەبەرئەوە شانۆگەری (مردنی فرۆشیارێکی دەسنگێڕ) لەناو سەریدا ناوێکی تری هەڵگرتووە، پاشان گۆڕاوە بۆ ئەو ناوەی خۆی.

*ڕەخنەگرێکی کۆچکردووی شانۆیی.

**سەرچاوە:**

-گۆڤاری (الاقلام)- 1996، لە ژمارە (2617)ی پاشکۆی (منارات) کە لە 10ی تشرینی یەکەمی 2012 وەرگیراوە.

## دیوارە نەبینراوەکان· ئایا ئێمە ڕەگەزپەرست و خێڵەکیین··




کتێبی (دیوارە نەبینراوەکان. ئایا ئێمە ڕەگەزپەرست و خێڵەکیین، یان نا؟) نوسینی (هاشم ساڵح)، لە دووتوێی (300) لاپەرەدا، (هەورامان وریا قانع) لە عەرەبییەوە وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی لە ساڵی2013، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەمە.ئەم کتێبە لە (28) وتاری جیاواز جیاوازی نوسەر لێرەدا کۆکراوەتەوە و ناونیشانی یەکێک لە وتارەکان بووەتە ناونیشانی سەرەکیی کتێبەکە.

هەموو شتێک باجی خۆی هەیە و باجی داهێنانیش گرانە و هەندێ جار زیاد لە گرانیشە.

چەندین کۆیلە هەیە ئەوەندە ملکەچییان بینیوە و ئەوەندە لەسەر کۆیلایەتی ڕاهاتون، ئازادی ڕەتەکەنەوە و دەست و قاچی سەروەرە سپییەکانیان ماچ دەکەن.مەعریفە ئەگەر لە ناوەوە نەتگۆڕێ، ئەگەر بە تەواوی نەتتوێنێتەوە و وەرچەرخانێکی گەورە وەرتنەچەرخێنێ، وەک ئەوەی بووبێت بە کەسێکی دیکە، ئەوا نەمعریفەیە و نەهیچ بەهایەکی هەیە.

## شاری ڕووناکی زەردەشت لە راپۆرتی گاتاکانەوە




کتێبی (شاری ڕووناکی زەردەشت لە راپۆرتی گاتاکانەوە) لە نوسینی (د.حوسێن وەحیدی)، لە دووتوێی (329) لاپەرەدا، وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی (حەمەی کەریمی) لە ساڵی2013 ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفانە.

زەردەشت لە فەلسەفە و جیهانبینی خۆیدا پێی وابوو، خودی ژیان وەکو سێنتزێک بەرهەمی پێکدادانی دوو چەمکی پارادۆکس و دژبەیەکە، ئەم دوو چەمکە کە هەمزادی یەکترن، برینین لە چاکە و خراپە ، بناغەی بزوتن و گۆران و هەموو جووڵەیەک لە ژیاندا لە پێکدادانی ئەم دوو چەمکەوەیە، ئەمەش هیچ پێوەندییەکی بە زاتی خوداوە نییە، بەڵکو یاسایەکی سروشتییە.

خودا مرۆڤی بەشێوەیەکی ئازاد و سەربەست و خاوەن بریار دروستکردوە، کەس بە ئاوەز لە نێوان خێر و شەڕدا (چاکە و خراپە) چاکە هەڵدەبژێرێ، نەک خراپە .

## زەمینەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی




کتێبی (زەمینەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ) لە نوسینی نوسەران (د.ک.مینرۆپۆلیسکی،ی.ا ,زوبرۆینس کی، و.ل.کرۆڤ)، (ناسر حەقپەرەست) وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی لە دووتوێی (388) لاپەرە، لە ساڵی 2013 لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان.

ئەم کتێبە هەوڵی نەپساوەی جۆری مرۆڤمان پێ دەسەلمێنێت و نیشان دەدات کە چلۆن مرۆڤ هەر لە سەرەتای پێ گرتنیەوە لە پێناو ژیانێکی باشتردا هەرگیز هیوا بڕو نەبووە.

لەگەڵ گەشەی پیشە و بازرگانیدا شوێنگەلێکی تایبەت بۆ نیشتەجێبوون( شارەکان) پێکهاتن کە شوێنی نیشتەجێبوونی پیشەگەران، بازرگانەکان بوو و لەوێ ساتوسەوداگەلێکی بازرگانی بەرێوە دەچوو.

مێژووی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، لە لایەک مێژووی گەشە و سەرهەڵدانی لێهاتوویی، شارەزایی، خولقاندنی ئامرازەکان، کلتوور و شارستانییەتە جۆراوجۆرەکانە کە تۆوی ئومێد بە ژیانی لە دڵی مرۆڤدا چاندووە، لەلایەکی تریش( کارل مارکس) وتەنی : (مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی شەر و ململانێی نێوان چینە زۆرلێکراو و زۆردارەکانە). مێژوویەک کە سەراپای بە پێی رێکەوتنی شەڕ و داگیرکاری و سەرکوتەکان، لە ئەکامیشدا ناحەزایەتی و ئاخێز و شۆرشەکان تۆمارکراوە .

## بەشوێن پێی دابی سیاسی لە عێراقدا




کتێبی ( بەشوێن پێی دابی سیاسی لە عێراقدا) لە نوسینی ( سلاان عبدولا) لە دوونوێی (65) لاپەریە ساڵی 2014 لە بڵاوکراوەکانی ئەبیسنیۆتی نارین بۆ توێژینەوەو بڵاوکردنەوەیە.

هەتا دیموکراسی لە عێراق جێگیرتر بێت و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان ببێتە دابی سیاسی لە وڵاتدا، لایەنگران ودۆستانی فیدراڵی زیاتر دەبن.

لەئەسڵدا دەستوور بناغەیەکی باشی بۆ ڕێگای فیدراڵی داناوە، بەڵام ئێتر کەڵچەری فیدراڵی کەوتە دوای ژێرخانە قانونییەکەی.

عێراقی نوێ بەوجۆرەی پارتە دامەزرێنەرەکانی لەسەری ڕێککەوتوون عێراقێکی دەستووری ئیتحادییە، دامەزراوە ئەرشیعی و ئەنفیزی و قەزاییەکان. حکومەتی ئیتحادی و هەرێمی و حکومەتە محەلییەکانی دابەشکراون و لێک جیاکراوەتەوە.

ئەمە ئەندێشەی فیدراڵی سەرۆک تاڵەبانی و خەباتگێرانی تری وڵاتە هاتۆتە دی و لە دەستووردا جێگیرکراوە .

## چەند وتارێك دژی بونیادگەری




کتێبی (چەند وتارێک دژی بونیادگەری) بابەتێکی فکری یە لە نوسینی نوسەران (جۆن هال، ولیام بویلوور، ولیامز شۆپان)، لە دوونوێی (90) لاپەرەدا، (حسەین لەتیف ) وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی لە ساڵی 2013 ، لە بڵاوکردنەوەی بەرێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی یە .

چەمکی بونیادی ئاماژە لە ڕۆشنبیری و مێژووداَ گوڵدمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەم چەمکە بەردی گۆشەی ئێگەیشتنمانە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا و لە بنەرەتدا لەسەر شیکردنەوەی وردی چالاکییەکانی مرۆڤ لەسەر هەردوو ئاستی سەرخان و ژێرخان بونیادنراوە.

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا بونیادگەری لە فەرەنسا سەری هەڵدا پێشەنگەکانی ئەو ڕەوتە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیان زمانیان کرد بە تەوەری سەرەکی و ڕەهەندەکانی تری پێکهاتنی دەقیان فەرامۆشکرد، ئەوەی لە کتێبەدا بەر چاو دەکەوێت، ئێروانینی کۆمەڵناسییانەیە بۆ عەرەب، وەکو وەڵامدانەوەیەکی هێمنانەی بیروبۆچوونی بونیادگەرییەکانە.

## ناسیۆنالیزم




کتێبی (نا سیۆنالیزم ) لە نوسینی (ئێرنێست گلنیر)، ( سەید محەمەد عەلی ئەقەوی) وەرگێراوەتە سەر زمانی فاریسی ، (عەبدولا ڕەسوولی) وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی لە دوونوێی (144) لاپەرە، لە ساڵی 2013 لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفانە.

توێژەران خەمی ئەوەیان هەیە کە هەندێ کات ناسیۆنالیزم زیدەڕۆیی و توندونیژی لێدەکەوێتەوە

ناسیۆنالیزم جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان ڕێکخراو و کلتور دەکردەوە، بەپێی ئەم پێناسەیە یەکەیەکی سیاسی شەرعیەتپێدراو لە تاکگەلێک پێک دێت کە خاوەنی کولتورێکی یەکسانن.

بەشێکی گرنگ لە باگراوندی ئێروانیی ناسیۆنالیستی بۆ جیهان بوونی دەوڵەتی نۆکمەیە، بەڵام لەهەندێ لە کۆمەڵگاکاندا بەهیچ شێوەیەک دەوڵەت بوونی نییە.

نایۆنالیسنەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کلتوری ئەوان لەرادەبەدەر جوانە و کاتێک بیری لێدەکەنەوە هەستیان دەجولێت و بەم هۆیەیە کە نیشتمانپەروەرن.




## مێژووی مێتافیزیك

کتێبی (مێژووی مێتافیزیک) بابەتێکی فەلسەفی یە لە نوسینی (ڕاجر هەنکاک)، لە دوونویێ (192) لاپەرەدا، لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی (فاتیح سەعدی) لە ساڵی2013 ، لە چنپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم .

زاراوەی مێتافیزیک لە کتێبی ئەریستۆ هەر بەم ناوەوە سەریهەڵداوە، ئەریستۆ ئێدەفکری بە یەک مانا هەرچی دەبێ بگوترایە گوتراوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە هیچ نەگوتراوە، چونکە بیروڕای فەیلەسوفانی پێشوتر لێڵ و نادیارە و لێیان ئێناگەین.، بەڵام بیرمەندانی هاوچەرخی مێتافیزیک، لەبەراورد لەگەڵ ئەریسنۆدا، بارودۆخێکی باشتریان لە پێداچوونەوە و شیکاریی مێژووی بابەتی لێکۆڵینەوەکەی تایبەت بەخۆیان هەیە و ئەم دۆخە ڕەنگە لەبەر مێژووی بۆخۆی بێت کە ناوەرۆکێکی زۆر دەوڵەمەندتری پەیدا کردووە و هەتا ڕادەیەک بۆ چەند ڕامان و بیروڕا لە نێوان بیرمەندانی هاوچەرخدا دەگەڕێنەوە کە کاری بیرمەندانی مێتافیزیکی پێشوتر ژیرانەتر دەکات و دەبێتە هۆی زیاتر لێیان تێبگەین.




## پەیامی زەردەشت

کتێبی (پەیامی زەردەشت) بابەتێکی لێکۆڵینەوەیە لە نوسینی (ئەکرم بهرامی)، لە دوونویێ (186) لاپەرەدا، (وریا قانع) لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە ساڵی 2013 ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

ئەم کتێبە پێکهاتووە لە پەیامەکانی زەردەشت یەکێک لە پەیامەکانی برینی یە لە ( بیری چاک ، وتەی چاک، کرداری چاک)، هەموو پەیاماکان بە زمانی فارسی و کوردی و ئینگلیزی نوسراون، چەند پەیامێک کە لەم کتێبەدا هاتوون ( لە ئەنجامدا سەرکەوتن لەگەڵ چاکەدایە )، ( ژیانی ئێوە لە کاتێکدا جوان و شیرینە کە ئەندێشەتان کردارتان و گوتارتان چاک بێت)، ( پەیمان شکێنی یەکێکە لە لقەکانی درۆ)، ( خزمەتکردنی خەڵک ئەرکی سەرشان نییە، بەڵکو چێژی خۆشییە، چونکە بێوەیی و شادمانی کەسەکان زیاتر دەکات).




## پەرینەوە بۆ مۆدێرنێتە

کتێبی (پەرینەوە بۆ مۆدێرنێتە) بابەتێکی فەلسەفی یە لە نوسینی (ئەلیسنەر مەکگراس)، لە دوونویێ (86) لاپەرەدا، (پێشرەو محەمەد) وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی لە ساڵی2013 ، لە چاپکراوەکانی پرۆژەی یانەی قەڵەم .

دەرکەوتنی مۆدێرنێتە و دەرهاویشتەکانی دیکەی، مرۆڤی ئازاد کردووە و وایلێکردووە لە سیستمی داپلۆسێنەر و چەوسێنەر دوور بکەوێتەوە.

ئەم کتێبە زیاتر رویکردۆتە رەخنەکانی هەرچوار قۆناغی : ڕێنساس، هیومانیزم، ریفۆرمی ئاینی و عەقڵانییەت لە کلێسا، ئەو هۆکارانەشی دەسنیشان کردووە، کە وایانکردووە مۆدێرنێتە دروست ببێت.

ناکۆکی نێوان عەقلانییەت و ویسنگەرایی نوسەرانی سیکۆلاسنیسیزمی سەرەتا جەختیان لەسەر عەقڵی خودایی دەکردەوە لەبەرامبەر ویست دا، عەقڵی خودایی مۆراڵیبوونی کرداری مرۆڤ دیاریدەکات و ویسنی خودایی بەئاگا دەهێنێتەوە.

# والتەر بنيامين

# Walter Benjamin

ئا.لەئینگلیزیەوە: شاسوار کەمال مەحمود

والتەر بنیامین فەیلەسوف و رەخنەگری ئەڵمانی، هاوکات وەک وەرگێڕ و وتارنوس و پەخشکەری رادیۆیش ناسراوە. ناوبراو سەر بە قوتابخانەی  تیۆری رەخنەیی فرانکفۆرت بووە ، بە تێکەڵکردنی بنەماکانی ئایدیالیزی ئەڵمانی و ماتریالیزمی مێژوویی و تەسەوفی یەهودی، بەشدارییەکی گەورەی لە دەوڵەمەندکردنی تیۆری جوانناسی و مارکسیزمی رۆژئاوایدا کردووە، هەروەها پێداگیریکردوە لەسەر گرنگی کلتور و کاریگەری روحی یەهودی لەجیاتی پڕوپاگەندەی ئایینی.

لە گرنگترین کارە ئەدەبیەکانی بریتین لە وتاری رەخنەیی لەسەر رۆمانی (Elective Affinities) گۆتەی ئەڵمانی، کارەکانی فرانز کافکای چیکی، چیرۆکەکانی نیکۆلای لێسکۆڤی روسی، شعرەکانی چارلس بۆدلێری فەڕەنسی ... هتد... لە ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوودا بەهۆی کاریگەری بیرتۆڵت برێختی ئەڵمانی دەبێتە مارکسی. قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن تەواودەکات و لە زانکۆی ( بێرن -Bern) ی ئەڵمانی دکتۆرا بەدەستدەهێنێت ، تێزەی دکتۆراکەی دەربارەی ( چەمکی رەخنەگرتن لە رۆمانتیسیزمی ئەڵمانی)یە.

بەهۆی ئەوەی جولەکەیە مافی هاوڵاتی بوونی لێدەسەنرێنەوەو ناچاردەبێت هەڵبێت بۆ فەرەنسا و زۆربەی ژیانی لەوێ بەسەردەبات، وهەرلەوێش لەسەر کارەکانی بەردەوام دەبێت و لەزۆربەی گۆڤارەکانی ئەوێ وتار و نووسین بڵاودەکاتەوە. پاش ئەوەی نازیەکان فەڕەنسا داگیردەکەن، ناچاردەبێت جارێکی دیکە هەڵبێت و دوای ئەوەی پلانی هەڵهاتنەکەی شکستدەهێنێت لە شارۆچکەی Portbou ی سنووری نێوان ئیسپانیا و فەڕەنسا لە 26ی ئەیلولی 1940 خۆی دەکوژێت. دوای مردنیشی تەواوی کارەکانی لە چەند بەرگێکدا بڵاودەکرێنەوە. نوسینەکانی والتەر بنیامین کاریگەریان کردۆتە سەر زۆر کەسی دیکە لەوانە ( هانا ئارنێت، جاک درێدا، کاسرین بیرت...).

هەندێک لەوتەکانی:

* مێژوو شیدەکرێتەوە بۆ وێنەکان نەوەک بۆ چیرۆکەکان.
* هەموو هەوڵەکان بۆ جوانکردنی سیاسەت لەیەک شتدا کۆتایی دێت، ئەویش جەنگە.
* تەنها بۆ ئەوانەی کە هیوایان نییە، ئومێد دراوەت ێمە.


سەرچاوەکان:

1. http://plato.stanford.edu/entries/benjamin/
2. http://en.wikipedia.org/wiki/Walter_Benjamin
3. http://www.egs.edu/library/walter-benjamin/quotes/
4. http://www.loveaquote.com/authors/walter-benjamin-quotes/
5. http://www.thefamouspeople.com/profiles/walter-bendix-schnflies-benjamin-3154.php